سەرۆك کۆمار پێشوازی لە ئەمیندارى گشتى هاوپەیمانیى حەسمى نیشتمانى دەکات

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازی کرد لە ئوسامە نوجەفی ئەمیندارى گشتى هاوپەیمانیى حەسمى نیشتمانى و وەفدى یاوەرى.

نوسینگەى راگەیاندنى سەرۆکایەتى کۆمار لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە:,,لە میانى دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ سەشەممە 5-3-2024 لە کۆشکى بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کۆمار جەختى لە بایەخى هاریکارى و هاوئاهەنگى نێوان هێزە سیاسییەکان و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان کردەوە بۆ جێبەجێکردنى بەرنامە و پلانە کاریگەرەکان لەپێناو باشترکردنى خزمەتگوزارییەکان و ڕەوشى بژێوى هاوواڵتیان.

سەرۆك کۆمار باسى لە دۆخى پارێزگاى نینەوا بەگشتى و شارى موسڵ بەتایبەتى کرد، هەروەها ستایشى سەقامگیریى ئەمنى و بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە و چالاکییە کۆمەڵایەتى و کولتوورییەکانى ناو شارەکە کرد.

لاى خۆیەوە ئوسامە نوجەیفى جەختى لە گرنگى هەوڵى هاوبەش بۆ جێبەجێکردنى داواکارییەکانى هاوواڵتیان بەتایبەت لە پارێزگا ئازادکراوەکان کردەوە، سەرەڕاى درێژدان بە پرسەى چاکسازى و بەرەنگاربونەوەى گەندەڵى و سودمەندبون لە مافى هاوواڵتیبوون.